

# وڵاتی من

هۆنراوەی شاڵاو

من لە وڵاتێک ڕاهاتووم
شیعر وەکو باڵی بەفر
لەسەر لووتکەی خەمەکانی ناو دڵمدا
هەر دەبارێ
من لە وڵاتێک ڕاهاتووم
شیعر وەکوچۆلەکەیە
هەر دەفڕێو دەجریوێنێ
لەسەر لق وچڵ وچرۆی
هەموو دارێ
لە ناو نیشتیمانی مندا
شیعر وەکو ئەستێرەیە
هەموو شەوێ
چەند دیوانێ هەڵدەڕژێ
شیعر لە نێو
کونی شمشاڵی شوان دێتە دەرێ
بۆ کەمانی هونەرمەندێ
دەبێت بە تەڵ
بۆ دەنگی ساز
دەبێت بە ژێ
من سەدان جار
لەتاریکی شەوانی وڵاتی باپیرم
هۆنراوەیەکی" گۆرانم "
کردووە بە مۆم
سەدان شەوی ساردو سەرمای کرێوەدا
هۆنراوەکانی" هێمنم "
وەکو کەرکی شوانێکی بناری دێ
لوول لوول داوە

له قه‌دو بالاو گیانی خۆم
له‌ناو نیشتیمانی مندا
گه‌لێک جاران
شیعری" مه‌حوی" م
کردووه به مه‌رهه‌م بۆ برین
بۆ سارێژی پرئێش وژان
له ڕۆژانی برسێتیمدا
من سه‌دان جار
شیعری" نالی " م
کردووه به نان ...